# بەربەستەکانی بەردەم هەڵبژاردنە پێشوەختەکەی عێراق

05-08-2020

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** لە سیستەمی سیاسیدا بۆ چارەسەرکردنی ململانێ سیاسییەکان وسفرکردنەوەیان، وەکوو چارەیەك پەنا بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت دەبرێت. بەتایبەت ئەوکاتەی کە ناکۆکی دەکەوێتە نێوان سەرۆکی دەوڵەت و پەرلەمان، زۆرجار سەرۆکوەزیران و سەرۆككۆمارپێکەوە، پەنا دەبەنە بەر هەڵوەشانەوەی پەرلەمان و راگەیاندنی هەڵبژاردنێك، پێش وادەی دیاریکراوی خۆی کە یاسای هەڵبژاردنەکان ودەستوور دیاریکردوە.

د.هەڵمەت غەریب-

راوێژکار لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو|

**دەستپێك**

لە سیستەمی سیاسیدا بۆ چارەسەرکردنی ململانێ سیاسییەکان وسفرکردنەوەیان، وەکوو چارەیەك پەنا بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت دەبرێت. بەتایبەت ئەوکاتەی کە ناکۆکی دەکەوێتە نێوان سەرۆکی دەوڵەت و پەرلەمان، زۆرجار سەرۆکوەزیران و سەرۆککۆمارپێکەوە، پەنا دەبەنە بەر هەڵوەشانەوەی پەرلەمان و راگەیاندنی هەڵبژاردنێك، پێش وادەی دیاریکراوی خۆی کە یاسای هەڵبژاردنەکان ودەستوور دیاریکردوە.

هەرچی تایبەت بێت بە هەڵبژرادنی پێشوەخت لە عێراقدا، دەتوانین بڵێین ئەمە یەکەم تاقیکردنەوەیە کە لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا بڕیاری لێدراوە. لە دوای 2006وە، یەکەمجارە ناکۆکییە سیاسیەکان دەگاتە ئەو رادەیەی کەوا پەنا بۆ هەڵبژاردنێکی پێشوەخت ببرێت. ئەگەر چاوێك بە یاسای هەڵبژاردنەکانی 2019 و دەستووری هەمیشەیی عێراقدا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێت یاسا و یاسادانەری دەستووری، بابەتی هەڵبژاردنی پێشوەختەیان رێکنەخستووە. واتە هیچ جیاوازیەکیان لە نێوان هەڵبژاردنی پێشوەخت و هەڵبژاردنی کاتی ئاسایی نەکردووە. بۆیە دەبینین زۆرترین ناکۆکی و بیروبۆچون لەسەر کاتی هەڵبژاردنە پەرلەمانییە چاوەڕوانکراوەکەی عێراق درووستبووە. لێرەدا تیشك دەخەینە سەر هەڵبژاردنی پێشوەخت، وەك چارەسەرێك بۆ دەرچوون لەو قەیرانە قووڵەی کە تووشی پرۆسەی سیاسی بووەو، ئەوەش روون دەکەینەوە کە ئایا ئەم هەڵبژاردنە دەبێتە فریادڕەسی عێراقییەکان و کۆتایی بە گرفتەکان دێنێت یاخود، بەفۆرمی نوێی سیاسی دووبارە دەبێتەوە؟هەروەها تیشك دەخەینە سەر گرنگترین بەربەستەکانی بەردەم ئەو هەڵبژاردنە.

**هەڵبژاردن کێشەیە یان چارەسەر**

هەڵبژاردنێکی نوێی پێش وادەی یاسایی خۆی، یەکێك بوو لە داخوازی خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانەکانی عێراق کە لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری 2019 دەستی پێکرد. خۆپیشاندەران پێیانوابوو کە بۆ راستکردنەوەی رێڕەوی سیاسی لە عێراقدا، پێویستە ئەو سیستەمە هەڵبژاردنە هەڵبوەشێتەوە کە ئەم پەرلەمانە "بێدەسەڵاتە"ی بەرهەمهێناوە کە ناتوانێت لەدەرەوەی ئەجێندای حزبی وسیاسی، هیچ پرۆژەیەکی نیشتمانیی هەبێت، بەلام بیریان چوو کە هەڵبژاردن ناتوانێت پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بە نیشتمانی بکات. بۆیە هەردوو سەرۆکوەزیرانی راسپێرداوی شکستخواردوو (زورفی وعەلاوی) بەلێنی ئەوەیان دابوو کە هەڵبژاردنی پێشوەخت لە پێشینەی کارەکانی کابینەکەیان بێت ئەگەر متمانە بەدەست بێن، بەڵام هیچیان نەیانتوانی ئەو متمانەیە بەدەست بێن. مستەفا کازمیش کە ئێستا سەرۆکوەزیرانە، یەکێك لە بەرنامەکانی کاری کابینە کاتیەکەی، وەکوو ئەنجامدان وسەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد و پیشوەختی دور لە دەستوەردانی بیانی و هەرێمی دانابوو. کازمی لە ژێر فشاری خۆپیشاندەران و شەقامی ناڕازیی عێراقی وادەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی دیاریکرد بەڵام، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە هەڵبژاردنێکی نوێ چی لە بابەتەکە دەگۆڕێت؟ بەڕای من، هەڵبژاردنەکان ناتوانێ وڵات لە قەیرانە قووڵەکانی رزگار بکات، چونکە هەڵبژاردنەکە لە باشترین شێوەیدا، لە هەڵبژاردنی رابردوو پاکتر نابێت. ئەمەش بریتیە لە دووبارەبوونەوەی هەمان رێبازی سیاسەتکردن بەڵام، بەڕێگایەکی تۆزێك جیاوازتر!

**گرفتە سەرەکییەکانی هەڵبژاردنە پێشوەختەکە**

لە راستیدا دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردنەکە زۆر دوور نیە لە کاتی یاسایی خۆی کە مانگی 5ی 2022ە. واتە تەنها 11 مانگ هەڵبژاردنەکە پێش دەخرێت بەلام، ئەم هەڵبژاردنە چوار رێگری گەورەی لەبەردەمدایە کە ئەنجامدانی لەو وادەیەدا ئەستەم دەکات. ئەوانیش بریتین لە:

1-**تەواوەنەکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان:** یەکێك لە گرنگترین بەربەستەکانی بەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت، تەواوەنەکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان و یەکلایی نەبوونەوەی ئەو ناکۆکییە قووڵە سیاسیەیە کە لەبارەی بازنەی هەڵبژاردنەکان لە ئارادایە. ئەم بابەتە بۆ گفتوگۆی لایەنەکان و گەیشتن بە ریکەوتنێك بۆ تەواوکردنی یاساکە جێهێڵراوە، چونکە دوو بیروبۆچوون لەبارەی بازنەی هەڵبژاردن هەن کە یەکیان داوای فرەبازنەیی لەسەر ئاستی پارێزگاکان دەکات و ئەوی دیکەشیان لەسەر ئاستی نیشتمانی داوای فرە بازنەیی دەکات، واتە هەر پارێزگایەك بازنەیەکی هەڵبژاردن بێت. بەبێ چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییە، ئەستەمە حکومەت بتوانێت لەو وادەیەی

کە دیاریی کردووە هەڵبژاردن بکات.

2-**هەلوەشانەوەی پەرلەمان :** یەکێکی دیکە لە بەربەستەکانی بەردەم هەڵبژاردن، هەڵسوکەوتکردنە لەگەڵ پەرلەمانی ئێستا. بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت، پێوستە ئەم پەرلەمانەی ئێستا هەڵبوەشێتەوە و لەماوەی 60 رۆژدا کاتی هەڵبژاردنەکان دیارییبکرێت، بەڵام ئێستادا ناکۆکییەکی توند لەنێوان سەرۆکایەتی پەرلەمان بەگشتی و خودی سەرۆکی ئەنجومەنی نوینەران بە تایبەتی لەگەڵ سەرۆکوەزیراندا هەیە لەبارەی شێوازی دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردنەکان. محەمەد حەلبوسی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران پێیوایە، رێگای دەستووری بۆهەڵبژاردن، بریتیە لە ماددەی 64ی دەستوور، بەڵام سەرۆکوەزیران بە پشتبەستن بە ماددەی (7/2)ی یاسای هەڵبژاردنەکان، کاتی هەڵبژاردنەکەی دیاریکردووە. ئەمەش ناکۆکییەکانی قووڵترکردۆتەوە کە بوەتە رێگر لەبەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زۆرێك لە ئەندامانی پەرلەمان دژی هەڵوەشانەوەی پەرلەمانن چونکە، ترسیان هەیە لەبەدەستهێنانەوەی کورسیەکەی خۆیان لە هەڵبژاردنی داهاتوودا. بۆیە هەتا پێیان بکریت، بەربەست درووست دەکەن تا هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا نەکرێت و ئەم خولەی خۆیان تەواو بکەن. ئەوەی لیرەدا گرنگە بگوترێت، ئەوەیە کە پاش پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان، دەکرێت سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیران پێکەوە پەرلەمان هەڵبوەشێننەوە و، کاتی هەڵبژاردنەکە یەکلایی بکەنەوە. بەڵام بەبێ یەکلایکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکان، ئەستەمە پەرلەمان هەلبوەشێتەوە و هەڵبژاردنیش بکرێت.

3-**تەواو کردنی شەرعیەتی دادگای فیدرالی یاخود دەرکردنی یاسای دادگای بالای فیدراڵی:** دادگای باڵای فیدراڵی تاکە لایەنە کە بەپێی دەستوور تایبەتە بە پەسەندکردنی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان. بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە ئەم دادگایەی ئێستا بەپێی دەستوور درووست نەبووە. بەڵکو پیش نوسینەوەی دەستوور، لەڕێگەی دەرکردنی سیستەمێك لەلایەن حکومەتی کاربەڕێکەری عێراقەوە لە سالی 2004دا درووستبووە. بۆیە پێویست بوو یاسایەکی نوێ بۆ دادگای فیدراڵی دەر بکرێت کە پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی لە دەستووردا دیاریکراوە. بەڵام تا ئێستا ئەو یاسایە بەهۆی ململانێی نێوان هێزە سیاسیەکان دەرنەچووە و دادگاکە وەك خۆی ماوەتەوە. هەڵبەت ئەم دادگایە گرفتێکی دیکەیشی بۆ درووست بووە کە ئەویش خانەنشین بوونی یەکێك لە ئەندامانی دادگاکەیە کە تا ئیستا جێگاکەی پڕنەکراوەتەوە. ئەمەش کێشەی شەرعی بوون یان نەبوونی بۆ دادگاکە درووست کردوە.

4- **گرفتی تەکنیکی :** سەرەڕای هەبوونی چەندین بەربەستی جەوهەری کە ئاماژەمان بە هەندێکیان کرد، هەندێك بەربەستی تەکنیکیش لەبەردەم ئەو هەڵبژاردنەدا هەن کە گرنگترینیان بریتیە لە دابینکردنی بودجەی هەڵبژاردنەکان. ئەمە لەکاتێکدایە کە عێراق بە قەیرانێکی قووڵی ئابووریدا گوزەر دەکات کە تەنانەت توانای دابینکردنی موچەی فەرمانبەرانیشی نیە دەیەوێ لەرێگەی یاسای قەرزی گشتییەوە روبەڕووی ئەو قەیرانە ببێتەوە. ئەمە سەرەڕای بڵاوبونەوەیەکی خراپی پەتای کۆرۆنا لەسەرتاسەری عێراق و خەرجکردنی بودجەکی زەبەلاح بۆ روبەڕووبونەوەی ئەو پەتایە. هەروەها گرفتەکانی کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش لەهەردوو رووی لۆجستی و مرۆییەوە هەن کە تا ئێستا چارەسەرنەکراون. ئەو کۆمیسۆنە تائیستا متمانەی پەرلەمانی وەرنەگرتوە و هەیکەلی کۆمیسۆنەکەش ریکنەخراوە. ئەمە سەرباری ئەوەی کە پێوستی بە ژمارەیەکی زۆری کارمەند بۆ راهینان و شارەزابوون لەسەر هەڵبژاردنەکە هەیە. چونکە بە پێی یاساکە بێت، هەڵبژاردنێکی جیاوازە و پێوستی بەراهێنانی کارمەند هەیە بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکە.

**کورد وەك تەماشاکەر**

تا ئیستا کورد و سەرکردایەتییەکەی کە خۆی لە دامەزراوەکانیدا دەبینێتەوە، هیچ قسەیەکی لەسەر هەڵبژاردنی پێشوەخت نەکردووە. ئەمەش مانای وایە کە گرفتیکی ئەوتۆی نیە ئەگەر هەڵبژاردن پێش بخرێت یان لەکاتی خۆیدا بکرێت. ئەوەی بەنیسبەت هیزە سیاسیەکانی کوردستانەوە گرنگە، یەکلاییکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکانە بەگشتی و دیاریکردنی بازنەی هەڵبژاردنەکانە. پێناچێت هەردوو هێزە سیاسیە سەرەکیەکەی هەرێم (پارتی و یەکێتی) حەز بە فرەبازنەیی لەسەر ئاستی پاریزگاکان بکەن. بۆیە بەلایانەوە گرنگە ئەوە یەکلاییبکەنەوە نەك مەسەلەی پێشخستن و پاشخستنی هەڵبژاردنەکان. خاڵێکی دیکەی جێگەی بایەخی کورد، هەرچەندە تا ئێستا کەمتەرخەمییان لێ کردووە، مەسەلەی یەکلایکردنەوەی باری ناهەموارو نائاسایی ناوچە جێی ناکۆکییەکانە. ئەو ناوچانە ئێستا لەبەردەم سڕینەوەیەکی لەسەرخۆی دیموگرافیدان. بۆیە پێویستە بەر لە هەڵبژاردن کۆتایی بەو بارودۆخە بهێنرێت کە لەوناوچانەدا هەن. بۆئەوەی زۆرترین کورد بەشداری لەهەڵبژاردنەکەدا بکەن و ئاوارەکان بگەڕێنەوە ناوچەکانیان و دەسەڵاتی شارەکانیش تەسلیم بە دەسەڵاتی مەدەنی بکرێت و باری سەربازی لەو ناوچانە کۆتایی پێبهێنریت. چونکە ئەگەر بارەکە بەردەوام بێت، پێگەی کورد لاوازتر دەبێت و دووریش نیە ئەو پێگەیە بکرێتە بنەمایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە ئایندەدا کە بێگومان ئەوەش بە زیانی کورد دەشکێتەوە. گرنگیشە پارتی و یەکیتی بەر لە هەڵبژاردن گرفتی پۆستی پاریزگاری کەرکوك یەکلایی بکەنەوە، تا کاریگەرییەکی ئەرێنیی لەسەر هەڵبژاردنەکان هەبێت.